**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

بە پێی حوکمی بڕگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی سالّی (1992) ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنی نشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (12)ی رۆژی (2007/10/17) یدا ئەم یاسایەی دەرچوواند:

## یاسای ژمارە( 25 )ی سالّی / 2007
## یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە162ی سالّی 1959 ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** کارکردن بە ماددەی (2) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی سالّی 1959 دەوەستێنری و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

1-رێژەی (10٪) لە دەستکەوتی سالأنەی هەر خانووبەرەیەك وەك خەرجی پاراستن وچاککردنەوە پێش حیسیب کردنی باجەکە دادەشکێنریّ .

2-باجێکی سەرەکی کە چەندییەکەی (10٪) یە لە دەستکەوتی سالأنەی هەموو خانووبەرەکان فەرز دەکریّ و وەردەگیریّ دوای داشکاندنی ئەوەی لە بڕگە(1)ی سەرەوەدا هاتووە.

**دووەم:** بڕگەیەك دەخرێتە پالّ ماددە(4) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە(162)ی سالّی 1959، بڕگەی (3) دووبارە:

(3)دووبارە– تەلاری نیشتەجیّ بوون و بازرگانی کە بە زیاتر لە سیّ نهۆم دروست دەکرێن جگە لە (ژێرزەمین) لە باجی سەرەکی بۆ ماوەی حەوت سالّ لە مێژووی تەواوبوونی دروستکردنیەوە کە لێژنەی خەملأندن دایدەنیّ دەبوردرێن.

**ماددەی دووەم:**

**دووەم** :کارکردن بە ماددە (11) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی سالّی 1959ی هەموارکراو دەوەستێنریّ و ئەمەی خوارەوەی لەجیّ دادەنریّ:

ماددەی(11): ئەگەر خانووبەرەکە لە نێوان دووکەس یا زیاتر بوو، ئەمەی خوارەوە ئەنجام دەدریّ:

هەر هاوبەشێك بەرپرسە لە دانی باج لە بەشە ئاشکراکەی خۆی، بەمەرجێك بە زنجیرەیەکی تایبەت بەخۆی تۆمارکرا بیّ.

**ماددەی سێیەم:**

بڕگەی (1) لەبڕیاری (520)ی ساڵی 1987 بەم شێوەیە هەمواردەکرێ:

بڕگە(1): خانوویەکی نیشتەجی بوون یان شوققەیەکی نیشتەجی بوون کە هەر یەك لەباوك یاخود ڕۆڵەکانی خاوەن خانوو بەکاریان هێنابێ لە باجی خانووبەرە دەبووردرێن، بەمەرجێك ئەوەی لێی دانیشتووە خانوو یا شوققەی نیشتەجێ بوونی بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەبێت.

**ماددەی چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری لە هەرێم بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی 2008/1/1 دا جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

**- هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە -**

بەمەبەستی گونجاندنی یاسا لەگەڵ سیاسەتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکارییە ئابوورییە تایبەتەکان بە وەبەرهێنان و ئابووری بازاڕ وهاندانی بزووتنەوەی ئاوەدانی و وەبەرهێنانەکان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ بەدیهێنانی داد پەروەریی و سووك کردنی بارگرانی باج لەسەر شانی هاووڵاتیان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

---

**تێبینی: ئەم یاسەیە بەبڕیاری ژمارە (32) لەساڵی 2007 لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.**